# ئەم چرایەی گڕی گرتووە خامۆش نابێ ... شاڵاو زەنگەنە

دکتۆر
چرایەکەو
خۆی لە ناو دونیای تاریکی کورد دا
داگیرساند
خە ریکن بیکوژێننەوە
بەڵام زۆر سە هونە
ئەم چرایە داگیرساوە
قەد بە ئێوە
ناکوژێتەوە
دکتۆر
کانیەکەو
لە ناو
ئەم خاکە تێنوە
هەڵقوڵاوە
ڕووبارێکەو
هات و تینوێتی
ئەم خاکە بشکێنێ
خەریکن
بەربەستی کەن
بەڵام زۆر سەهونە
ئەو ڕووبارە
هە ر دەڕواو
قەد بە ئێوە
بەربەست ناکرێ
تا تینوێتی ئەم خاکە
نەشکێنێ
هەر دەڕواو قەد ناوەستێ

دکتۆر
دەنگێکی زوڵاڵی نەمرە
دەنگی ئازادی و دیموکراسی و
پێشکەوتنە
حەیرانێکی غەریبی یە
گۆرانی و لاوکێکی کوردیە
کوردەواری زۆر تامەزرۆیە
چاو لە ڕێی یە

ئەوە دکتۆر دێ و
وا لە ڕێ یە
حەیرانێکی پاك و بێ گەردە
چاونە ترس و قارەمان و کۆڵنەدەرە
دژی دیکتاتۆری و گەندەڵە
خەریکن دەنگی
دکتۆر کپ کەن
بەڵام زۆر سەهونە
دەنگی دکتۆر
بە ئێوە قەتاو قەت
کپ نابێ
چونکە دەنگی ئەو
بزمارێکە و
دەرگای پۆلای ئێوە
دەبڕێ. . .
داسێکە و
ملی تاریکی ئێوە
دەسوێ
هەورەتریشقەیەو
پوش و پاوانی
تاریکی ئێوە
دەسوتێنێ
چەقۆیەکەو
دەستی ڕەشی چەپەڵی
گەندەڵیتان
دەبڕێ